# لەماوەی دوو ساڵی دیکە ئۆجەلان ئازاد دەکرێ

دەنیز بایکاڵ سەرۆکی گشتی پارتی گەلی کۆماری تورکیا ئاشکرای کرد کە عەبدوللە ئۆجەلان سەرۆکی رفێندراوی پارتی کرێکارانی کوردستان کە ئێستا لەزیندانی ئیمراڵی دایە، لەماوەی دوو ساڵی داهاتوودا ئازاد دەبێ‌و لەزیندان دێتە دەرێ. ناوبراو سەبارەت بەپێشنووسی یاسای تێکۆشانی دژە تیرۆر رایگەیاند کە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ رەخنەیان لەپێشنووسەکەدا هەیە بۆ ئەم مەبەستە مەسەلەی ئازادکردنی ئۆجەلان خراوەتە رۆژەڤەوە. بەگوێرەی قسەکانی بایکاڵ رێبەری رێکخراوەکان دەتوانن سوود لە پێشنووسی یاسای تێکۆشانی دژ بەتیرۆر وەربگرن‌و کارەکانی خۆیان درێژە پێبدەن ، بەگوێرەی قسەکانی بایکاڵ، 36 ساڵ زیندانی بەسەر ئۆجەلاندا سەپێندراوە، بەگوێرەی یاساکە 27 ساڵ لێی دەبووردرێ، خۆیشی 7 ساڵە لەزیندان دایە، کەواتە دەبێ لەماوەی دوو ساڵی داهاتوودا ئازاد بکرێت.



## بزووتنەوەی گەنجان خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە

سەرچاوەیەکی نزیك لەبزووتنەوەی گەنجان کە هێرش مەسیفی سەرکردایەتی دەکات، بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کە هێرش مەسیفی بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی بزووتنەوەکەو چوون بۆ ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی مەڵبەندی هەولێری یەکێتی دەستی بەدانووستاندن کردووە، لەوانەیە لەهەفتەکانی داهاتوودا بەیاننامەی چوونیان بۆ ناو ریزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بڵاوبکرێتەوە، ئەوەی شیاوی باسە دوای گەڕانەوەی هێرش مەسیفی لەوڵاتی ئوردندا لەوەڵامی پرسیارێکی پەیامنێری رۆژی گەلدا ئەم دەنگۆیەی رەتنەکردەوەو رایگەیاند لەچەند رۆژی داهاتوودا سەبارەت بەو کێشەیە هەواڵی تازە دەبیسن.

## هەواڵی سەیر

رۆژی 2006/4/11 فەرمانبەرێکی دائیرەی نفوسی کەرکوك لەگەڵ پیاوێکی کورددا دەبێتە قڕەقڕیان، لەسەرئەوەی کە ئەویان هەقی خۆیەتی‌و هاتووە مامەڵەی هەیەو تەواوی بکات، فەرمانبەرەکەش گرنگی بەئیشوکاری کوردەکان ناداو تەنیا بۆ عەرەب‌و تورکمانەکان کار دەکات، دواتر فەرمانبەرەکە لەبەرچاوی ئەو خەڵکە تێر لەکوردەکە دەدا، دواتر بانگی پۆلیس دەکا تا پیاوەکە ببەن، بەوەشەوە دڵی هێور نەبۆوە، مامەڵەکەی فڕێ دابوو، جنێوی زۆریشی بەو لایەنە دابوو کە نفوسی ئەویان بۆ کەرکوك گەڕاندۆتەوە... دەڵێن ئەو تورکمانە لەکاتی رژێمیشدا هەر دەست رۆیشتووبووە.

* ئەم ساڵ تاقیکردنەوە پێشەکیەکانی قۆناغی ناوەندی ئەوەندە زەبت‌و رەبتی هەبوو، خوێندکار چوار جۆر قۆپیەی دەرکردووەو داویەتی بەدەست مامۆستاکەوە، بەڵام دەزانن بۆچی؟ بۆ ئەوەی مامۆستا پێی بڵێ کامیان وەڵامی پرسیارەکەیەتی..

* بۆ جاری دووەم لە2006/4/19 هەمان سەیارەی غاز کە ماوەیەك بەر لەئێستا لەگەڕەکی قادسیە غازی تەنها بەو ماڵانە دابوو کە سەر بەلایەنێکی دیاریکراو بوون. دیسانەوە هەمان کردەوەیان دووبارەکردەوەو ئەمجارەیان هەندێ لەو ماڵانەی پێشوو دیاربوو ئاگادار کرابوونەوە کە سەر بە وانن‌وغازیان بەر نەکەوتووە، بەگوێرەی هەواڵ بە پرسی ناوچەی رێکخستنی ئەو گەڕەکە ئەمە کراوە.

*مامۆستایەك لەساڵی (2000) ەوە لەپەروەردەی چەمچەماڵ دابڕابوو، بەڵام لەبیریان چووبوو کە فەرمانی فەسڵی بۆ دەرکەن، ئەمساڵ کاتێ ئەڕوا هەوڵی گەڕانەوە بدات هیچی پێ ناکرێ‌و چەندجاریش دەچێتە وەزارەت هەر تێ ناگا ئایا ئەو ماوەیە مووچەکە سەرف کراوە یان نا؟. گرنگ ئەوەیە ئەم توانی لەپەروەردەی هەولێر خۆی بگەڕێنێتەوەو ئەو ماوەیەشی بە خزمەت بۆ هەژمار بکرێ‌و ئێستا مووچەی هەولێر وەردەگرێ‌و لەماڵی خۆی لەچەمچەماڵ دانیشتووە.

* رۆژی شەممە 2006/4/21 کە پۆستە سیادییەکە ئاشکرا کراو رێزدار مام جەلال بەسەرکۆمار هەڵبژێردرایەوە، خەڵکی کوردستان ئاهەنگی خۆشیان گێڕا، بەڵام ئەو خۆشییە قوڕی بەسەر کەسێکی دانیشتووی گەڕەکی (حی النصر) کرد، چونکە هەمان رۆژ پێش خۆرنشین چەند کەسێکی نەناسراو لەلای دوکانی ساردی فرۆشێك لەسەر شادی دەربڕین تێروپڕ لە (کارزان) دەدەن‌و ئینزاری دەکەن کە لەم گەڕەکە باربکات، ئەگینا دەکوژرێ.. وەك زانراوە ئەو کوردە دەیەوێ بۆ (رانیە) بگوازێتەوە.

* نەخۆشخانەی گشتی چەمچەماڵ کە لەم ماوەیەدا کراوەتەوە، بۆ خەڵکی شارەکەو دەڤەرەکە کارێکی زۆر گەورەو پیرۆزە، کەچی هێشتا دکتۆری پسپۆڕو ئەو جیهازو ئامێرانەی کە لەراگەیاندن بەگەورەیی گرنگیان پێدراو باسیان لێوە کرا، نەگەیشتوون. لەراستیدا هەر نەخۆشخانە کۆنەکەیەو بینایەکی تازەی بۆ کراوە.

# 85 ئاوارە گەڕانەوە کوردستان

هەواڵەکان: رۆژی 2006/4/27 لەرێگەی فڕگەی نێودەوڵەتی شاری سلێمانیەوە 85 کوردی ئاوارەی نیشتەجێی وڵاتی ئینگلستان لەسەر داواو رەزامەندی خۆیانەوە گەڕانەوە باشووری کوردستان‌و لەلایەن خزم‌و کەسانیانەوە پێشوازییان لێکرا. ئەوەی شیاوی باسە رێکخراوی IOM ماوەیەك لەمەوبەر داوای لەپەنابەرانی کوردی باشووری کوردستان، ئەوانەی لەبەریتانیادا نیشتەجێبوون، کردبوو کە ئەگەر بێن‌و ناوی خۆیان بنووسن‌و ئامادەیی خۆیان بۆ گەڕانەوە دەربڕن، بڕی 3000 پاوەند کە دەکاتە نزیکەی 5400 دۆلار وەردەگرن‌و بۆ خۆشیان دەیانگەڕێننەوە شارەکانی کوردستان. بەگوێرەی هەواڵەکان تا ئێستا دەیان کەس لەوانەی مافی مانەوەیان وەرنەگرتووە، خۆیان ناونووس کردووەو ئامادەیی خۆیان بۆ گەڕانەوە پێشان داوە، چونکە ئەو پەنابەرانە لەوە دەترسن کە ئەگەر لەلایەن پۆلیسەوە بگیرێن ئەوە بەزۆرەکی رەوانەی کوردستان دەکرێنەوەو هیچیشیان پێنادرێ.

## چەمچەماڵ:

# قایمقام وازی هێنا

رۆژی 2006/4/27 بەڕێز (نەجەم عەبدوللە) قایمقامی قەزای چەمچەماڵ لەکۆنگرەیەکی تایبەتدا، لەبەردەم گەنجانی شارەکەدا وازهێنانی خۆی راگەیاند، هۆکاری وازهێنانەکەشی بۆ ئەوە گێڕایەوە کە بەرپرسانی سەرو گوێی لێناگرن‌و بەبێ پرسی ئەو بڕیار لەهەندێ پرۆژەی تایبەت بەقەزاکە دەدەن. ناوبراو روونی کردەوە کە زۆربەی ئەو کۆمپانیایانەی کە ئێستا لەسنووری دەستەڵاتی ئەودا کار دەکەن بەبێ ئاگاداری ئەو هاتوون. هەروەها مانگانەش تەنها 500 دۆلاری بۆ راپەڕاندنی کاروباری شارەکە لەبەردەستدایە، کە ئەم بڕە پارەیەش هیچی پێناکرێ، بۆیە نایەوێ خۆی لەبەرانبەر خەڵکیدا شەرمەزاربکات، وازهێنان‌و دەست لەکارکێشانەوە بەباشترین رێگە دەزانێ.

# کچێك دەستدرێژی سێکسی دەکرێتەسەر

رۆژی 2006/4/25 لەدەڤەری رانیە دوو کوڕی هەرزەکار دەستدرێژی سێکسی دەکەنەسەر کچێکی تەمەن 12 ساڵان، دواتر وێنەکەشی لەمۆبایلدا بڵاودەکەنەوە، دواتر بۆ شوێنێکی نادیار خۆیان دەشارنەوە. شیاوی باسە پاش بڵاوبوونەوەی ئەم کارە بنەماڵەی کچەکە هەڵدەستن بەکوشتنی کچەکەی خۆیان، بڕیار دەدەن کەسە هەڵاتووەکانیش بکوژن.

# لە ژمارەیەك خوێندکار دەدرێت

رۆژی 2006-4-26 بەرێوەبەری فێرگەی ئامادەیی سۆلاقی کچان لەشاری سلێمانی، لەبەر ئەوەی مامۆستای وانە نەهاتبوو، داوا لەخوێندکارانی دوو هۆبەی پۆلی پێنجەم دەکات لەهۆبەکانیانەوە بچنە دەرەوە، بەڵام ئەو رۆژە بارانێکی بەخوڕ دایکردبوو، بۆیە خوێندکارەکان نەیانتوانی ماوەیەکی زۆر لەحەوشەی قوتابخانەکەیاندا لەبەر باران رابوەستن، بەناچاری بۆ هۆبەکانیان دەگەڕێنەوە. دوای ئەوەی بەرێوەبەر لەم رەفتارە ئاگادار دەبێتەوە، توورە دەبێ‌و دەڵێ بڕیاری منتان شکاندووە، دەیەوێ سەرجەم خوێندکارەکان سزا بدات، هەر هەموویان ریز دەکات‌و سەرو دوو داریان لێدەدات. خوێندکارەکان لەم رەفتارەی بەرێوەبەرەکەیان نیگەرانن‌و دەپرسن چۆن دەبێ لەبەر ئەوەی گەڕاوینەتەوە هۆبەکانمان لێمان بدرێت، لەکاتێکدا تەمەنی هەموو خوێندکارەکان لەسەرووی 16 ساڵیەوەدان. ئایا پەروەردە لەم لێدانە ئاگادارە؟!.

## چوارقورنە :

# پۆلیسی هاتوچۆش سەرپێچی دەکات

رۆژی 2006/4/19 ئەفسەرێك‌و سێ پۆلیسی هاتوچۆ لەکاتێکدا لەسەیران دەگەڕێنەوە لەبازگەکەدا راناوەستن‌و سەرپێچی دەکەن، بەڵام پۆلیسەکانی بازگەکە بەزۆر رایان دەگرن‌و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکەن، لەئاکامدا دەردەکەوێ لەسەیران مەشروبیان خواردۆتەوەو لەحاڵەتی مەستبووندان. دواتر ئەو کێشەیە رەوانەی لایەنی پەیوەندیدار کراوە، بەگوێرەی زانیاریەکان لێکۆڵینەوەی زیاتر لەو مەسەلەیە دەکرێت.

# روونکردنەوەیەك

بنەماڵەی کۆچکردوو سەربەست حەمەد ئاغا کە دانیشتووی شاری شەقڵاوەن لەپەیوەندییاندا بە پەیامنێری هەفتەنامەی (رۆژی گەل) یان راگەیاند کە: سەربەست حەمەد ئاغا شەقڵاوەیی کە چەندین ساڵە بەخۆی‌و خێزانیەوە لەشاری خانەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەژیت، لەگەڵ دوو کەسی تردا لەرێگەی حاجی ئۆمەرانەوە بەمەبەستی سەردانی کەسوکاری بەرەو شەقڵاوە دێت، بەڵام لەرێگەدا دڵی رادەوەستێ‌و ماڵئاوایی لەژیان دەکات، بەداخەوە لەهەندێ سەرچاوەی راگەیاندندا هاتووە کە کۆچکردوو کوژراوە، ئێمە وەکو کەسوکاری کۆچکردوو دووپاتی دەکەینەوە کە مەسەلەی کوشتن بوونی نیەو تەنها بەراوەستانی دڵ گیانی لەدەستداوە، ئەوەی شیاوی باسە ئەو دوو کەسەش کە هاورێیەتیان دەکردو لەلایەن ئاسایشەوە گیرابوون، دوای لێکۆڵینەوە ئازادکران‌و بەرێزەوە بەرەو زێدی خۆیان بەرێکرانەوە. بۆ بەرچاوبوونی هەموو لایەك ئەم روونکردنەوەیان بەپێویست زانی.

## هەواڵ

### بەستۆڕە: گروپێکی لەشفرۆشی دەستگیر دەکرێن

رۆژی 2006/4/20 لەسەیرانگەی هەنارەی بناری سەری رەش گروپێکی لەشفرۆشی بەسەرپەرشتی کەسێك بەناوی (ع .م.س) لەگەڵ حەوت کەسی دیکە لەلایەن ئاسایشی بەستۆڕەوە دەستگیر دەکرێن. شیاوی باسە ئەم گروپە پەیوەندی فراوانیان هەبووە لەگەڵ خەڵکی شارەکانی موسل، بەغدا، کەرکوك، سۆران‌و هەولێر. جێگەی باسە کەسە گومالێکراوەکە کاری فاڵچیەتی‌و قاوە گرتنەوە ئەنجام دەدا، پێشینەی دەستتێکەڵاوکردنی لەگەڵ رژێمی بەعسیش هەیە.

### وڵاتیەك دەخنکێ

رۆژی 2006/4/12 لەسەیرانگەی حاجی بایزی سەر بەناحیەی شەقڵاوە، لەگەشتێکی قوتابیانی شەقڵاوەدا وڵاتیەك بەناوی (سمایل عەوڵا) لەکاتی مەلەکردندا دەخنکێ. شیاوی باسە پێش دوومانگ لەمەوبەر لەهەمان رووبار وڵاتیەکی تری شەقڵاوە خنکابوو.

### منداڵێك سەرخۆش دەکرێ

رۆژی 2006/4/15 کەسێکی نەناسراو لەقەزای سۆران منداڵێکی تەمەن 11 ساڵان کە خەریکی جگەرەفرۆشتنە، فریو دەدات‌و سواری سەیارەی خۆی دەکات‌و بۆ هەولێر دەیبات. وا بڵاوبۆتەوە کە منداڵەکە سەرخۆشکراوە. ئێوارەی هەمان رۆژ لەنزیك هەولێر فڕێدراوە. شیاوی باسە منداڵەکە لەلایەن پۆلیس دەدۆزرێتەوەو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت. لەئاکامی لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە حەفت دانە حەبی بێهۆشی دەرخوارد دراوە، دەست پۆلیس دەکەوێت، پۆلیسیش لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەن و دەرکەوت کە حەبی دەرخوارد دراوە، هۆکاری سەرخۆشکردن‌و فڕێدانەکەی رووننەکراوەتەوە.

### گەریلا دوو کەس دەستگیر دەکەن

بەگوێرەی هەواڵ، گەریلاکانی کۆنگرەی گەل لەبناری قەندیلدا زۆرکاری بەسەیارەی خەڵکی ناوچەکە دەکەن، بەڵام هیچ پارەیان پێنادەن‌و حسابی سووتەمەنی‌و بەنزین بۆ خاوەنەکانیان ناکەن. خەڵکی ناوچەکە لەم هەڵسوکەوتە بێزاربوونەو سەیارەکانیان راگرتووە. هەر بەم هۆیەوە 2 کەس لە خاوەن سەیارەکان لەگوندی لێوژێ‌و بۆکریسکان بۆ ماوەی دوو رۆژ دەستگیرکراون‌و هەڕەشەیان لێکراوە، ئەگەر هاریکارییان نەکەن سزا دەدرێن‌و لەناوچەکە دەردەکرێن.

### دەست خۆش دکتۆری زانا

لەرانیە دکتۆرێك بەناوی (ئارارات ئەنوەر قەرەچەتانی) کە دکتۆری نەشتەرگەرییەو پسپۆرە لەبواری جومگەکان لەهەڵوێستێکی مرۆڤانەو جوامێرانەیدا دەرگەی عیادەکەی خۆی واڵا کردووە بۆ کەسانی هەژارو کەم دەرامەت بەبێ بەرامبەر، بەم هەڵوێستەی بووەتە خۆشەویستی زۆربەی خەڵکی شارەکەو مایەی شەرمەزاربوونی دکتۆرەکانی دیکەیە کە بەنرخێکی زۆر گران کار دەکەن.

### دەڤەری باڵەکایەتی داواکارییان هەیە

ولاتیانی خەڵکی دەڤەری باڵەکایەتی کە خۆی لەقەزایەك‌و چەند ناحیەو گوندێك پێکهاتووە. داواکارییان لەحکومەتی یەکگرتوو هەیە، بەجدی کار بکات بۆ دابینکردنی تۆڕەکانی تەلەفۆن، کەتاکو ئێستا بێبەشن لەو ئامێرە. شیاوی باسە ئێستاش حکومەت ئاوڕی لێنەداونەتەوە، بەتایبەتی کۆمپانیای کۆرەك تیلکۆم کە لەسنووری ئیدارەی هەولێر بەربڵاوە.

### کچێك دەستوتێ

رۆژی 2006/4/19 لە ئۆردوگای بەستۆڕەی سەر بە ناحیەی پیرمام، کچێکی تەمەن 21 ساڵ بەناوی (رێزان زیاد حوسێن ئاغا) بەهۆی ئەوەی لەجیاتی نەوت بەهەڵە بەنزین لە پەرەمێز دەکات، بەسەختی دەسووتێ‌و رەوانەی نەخۆشخانەی رزگاری شاری هەولێر دەکرێ، بەداخەوە دوای 4 رۆژ بەربەرەکانێ لەگەڵ مەرگ، رۆژی 2006/4/23 دا گیان لەدەستدەدا.

### شەقڵاوە: دەستەی هاوکاری هەژاران دامەزرا

رۆژی 2006/4/18 لەلایەن چەند کەسێکی وڵات پارێزو خێرخوازەوە، لەشارۆچکەی شەقڵاوەدا دەستەی هاوکاری‌و یارمەتیدانی خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت دامەزرا. ئامانجی سەرەکی ئەو دەستەیە هاوکاری کردنی ئەو کەسانەیە کە لەڕووی مادیەوە کەمتوانان‌و ناتوانن ژیانێکی گونجاوبۆخۆیان دابین بکەن. بەگوێرەی هەواڵ ئەم دەستەیە پەیوەندی پتەویان لەگەڵ خەڵکی دەرەوەی وڵات هەیەو بەردەوام لەهەوڵی پارەکۆکردنەوەن بۆ خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتی شارەکە. شیاوی باسە لەرووی سیاسیەوە بێ لایەنن. ئەم دەستەیە لە (وەستا وریا تەها حاجی، ئەرسەلان کەمال عەبدوللە و سوارۆ سابر) پێکهاتووە.

### بەردەرەش: دوو مامۆستای ئایینی بەشەردێن

رۆژی 2006/4/24 لەناو مزگەوتی باناوی شارۆچکەی بەردەرەشدا دوو مامۆستای ئایینی بەناوەکانی (مەلا ك) و (مەلا ع) لەسەر کێشەی زەوی‌و زار لەدوای نوێژکردن لێیان دەبێ بەدەمەقاڵێ، دواتر کێشەکە گەورەتر دەبێ‌و پەلاماری یەکتر دەدەن. ئامادەبوان ناوبژیوانیان دەکەن، هەروەها زۆریش گلەیی لەو مامۆستایانە دەکەن کە بەشەڕ هاتوون‌و پەلاماری یەکتریان داوە، خەڵکەکە دەڵێن ئەرکی مامۆستاکان ئەوەیە کە رێگە لەشەڕو ئاژاوە بگرن‌و خەڵکان لەگەڵ یەکتر ئاشتبکەنەوە، بەڵام کاتێ دوو مامۆستای ئایینی بەشەڕدێن ئێمە دەبێ چی بڵێین!!.